بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٦
ڕۆژی بڕیار: ١٦/١٠/١٩٩٤

# «بڕیار»

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١) لەمادده(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ورەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەری. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٦/١٠/١٩٩٤ی دا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرچوواند:

١- هەموو فەرمانبەرو کارمەندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم پارانەی مانگانە پێ دەدرێ وەکو دەرماڵەیەکی بڕاوە، جگە لەو مووچەو دەرماڵەیەی کە مانگانە وەریان دەگرن وبەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - ١٥٠ دینار لەگەڵ مووچەی مانگانەیان دا.
ب- ٢٠ دینار لەگەڵ دەرماڵەی ژن ومێردایەتی دا.
جـ- ٥ دینار لەگەڵ دەرماڵەی هەر منداڵێکیان (تاکو ٥منداڵ)
د - ٥ دینار لەبریتی هەر ساڵێک لەساڵەکانی خزمەت کردنی.

٢- پێویستە لەسەر وەزیری دارایی وئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربچوێنێ.
٣- پێویستە لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.
٤- کار بەهیچ دەقێکی دیکە ناکرێ کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا نەگونجێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**